
# پێنووسی گۆرانیبێژ

پێشـــکەوتنەکانی جیهانی دیجیتالـــی ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندندان، جیهانی دیجیتالی ئێستا زاڵە بەسەر هەموو ژیانـــی ڕۆژانەماندا، تەنانەت ئامێرە ســـەرەتاییەکانیش دیجیتالیـــن. جاران پێنووس تەنیا ئەرکی نووســـین بوو و دوای تەواو بوونی حیبرەکەشـــی ئیدی بۆ هەمیشە فڕێ دەدرا، بەڵام لە جیهانی دیجیتالیدا پێنووس هەر ئەرکی نووســـین جێبەجێ ناکات، بگرە وێنەدەگرێ، قسە تۆمار دەکات و تەنانەت گۆرانیش دەڵێت.

"تینگ"ناوی ئەو پێنووسە دیجیتالییەیە کە وشە و وێنە دەکاتە دەنگ، لەو پێنووســـە وەك MP3 Player–یش سوود وەردەگیرێ. هەر کە ئەو پێنووسە لەســـەر لاپەڕەی کتێبێك داندرا، ئیدی ئۆتۆماتیکی بانکی زانیاری ناو پێنووســـەکە بەگەڕ دەکەوێت و دەتوانێ ناوەڕۆکی کتێبەکە لە پێنووسەکەدا خەزن بکەی. تەنانەت دەتوانی وێنە، وشە، مۆسیقیش لەو پێنووسەدا تۆمار بکەی. هەروەها بەهۆی ئەنتەرنێتەوە دەتوانی گۆرانی دڵخوازی خۆت هەڵبژێری و هەر بەو پێنووسە گوێی لێبگری.



# شاشە ڕوون و شەفافەکان بەرەو تەکنەلۆژیـــ



گۆڕانکاری لە جیهانی تەکنۆلۆژیادا ئەوەندە خێرایە بە جۆرێك کە ئەوەی دوێنێ وەك نوێ سەیر دەکرا، ئەمڕۆ لە ڕیزی کۆنەکانە، زۆر لەمێژ نییە کە لاپتۆپی دوو شاشـــەیی بەرهەمهاتوون کە لەم ژمارەیەدا باسمان کردووە. ئێستا نۆرەی داهێنانی شاشەی ڕوون و شەفافە کە بە ڕوونی ئەو دیوی شاشەکە دەبیندرێت.

کۆمپانیای سامسۆنگ لە پێشانگای ساڵانەی FPD china 2011 دا یەکەمین لاپتۆپی لەم جۆرەی خۆی نیشاندا، کە ڕوونە و بە جوانی پشـــتەوەی شاشەکە دەبیندرێت. بەهۆی ئەوەی کە شاشـــەکە ڕوونە کەمترین وزەی دەوێت، ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە تەمەنی باترییەکەی زۆرتر بێت. هیچ دوور نییە سبەی حەوزی ماســـیماڵەوەتان هەم کۆمپیوتەربێ و بتوانی ســـەیری ئینتەرنێت بکەی و هەم حەوزی ماسیش بێت.

# کامێرا سێ ڕەهەندییەکان (3D)



جیهانی ســـێ ڕەهەندی، واتە بینینی فیلـــم و وێنەکان وەك واقیعی، مێژوویەکـــی زۆری نییە و لە بۆ چەند ســـاڵێك دەگەڕێتەوە، بەڵام لەم چەند ساڵەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێك کە TV و کۆمپیوتەر، کامێرا، مۆبایل..تاد بوونەتە سێ ڕەهەندی (3D).

لێرەدا چەند نموونەیەکی کامێرای ســـێ ڕەهەندیتان نیشان دەدەین کە لەلایەن کۆمپانیای viewsonicەوە بەرهەمهاتوون و لە پێشـــانگای ساڵانەی CESدا لە ڕیزی یەکەم دابوون.


Palm 3D HD: ئەو کامێرایـــە توانای تۆمارکردنی وێنەی بە کوالیتـــی pix 1080ی هەیە، لە دوو حاڵەتی دوو ڕەهەندی و ســـێ ڕەهەندی فیلم هەڵدەگرێتەوە. هەروەها شاشەی سەر کامێراکە خۆی سێ ڕەهەندییە و دەتوانی وێنەکان لەسەر شاشەکە بەبێ چاویلکەی تایبەتیش سەیر بکەی. هەروەها کامێراکانی جۆری ViewFun 3D Pocket-HD و ViewFun 3D Pocket و ViewFun 3D Snap Pocket لەڕیزی کامێراکانی سێ ڕەهەندی دەژمێردرێن.

# بە دەستێک تایب بکە و ماوسیش بەکاربێنە

ڕەنگـــە بۆ ئەوانـــەی کە لەســـەر کۆمپیوتەر کار دەکـــەن، لە دنیای خەیاڵیشـــیاندا نەگونجێت کە بە دەســـتێك تایب بکەی و ماوســـیش بەکار بێنن، بەڵام بە ســـوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای نوێی keyGlove لەیـــەك کاتـــدا دەتوانی هـــەردوو ئەرکەکـــە ئەنجام بـــدەی. ئەو دەستکێشـــە کە لەلایەن پرۆگرام نووسێکەوە بەرهەمهاتووە، 34 هەســـتەوەری بچووکی ئەلکترۆنی تێدایە، کە بە داگرتنی هەرکام لەوانـــە پیتێك تایب دەکرێـــت. بۆ جووڵەی ماوسیش هەستەوەرێکی بچووك هەیە لەسەر کە جووڵەی بەکارهێنەرەکە دەگوازێتەوە بۆ ســـەر کۆمپیوتەر.



## ــــیەکی نوێ





# گوگل بەبێ نووسین مەبەستەکەت دەدۆزێتەوە



گوگل ئیمپراتــۆری دۆزەرەوە و بەدواداگەڕان لە ئینتەرنێتدا، لەم ڕۆژانەدا خزمەتگوزارییەکی نوێی خستۆتە ناو سایتەکەیەوە کە بە خزمەتگوزاری Speechify ناسراوە، لەم خزمەتگوزارییەدا بەکارهێنەر دەتوانێ تەنیا بە قســەو بەبێ تایپ کردن لە ئینتەرنێتدا بگەڕێ. خزمەتگوزارییەکە ئێستاکە تەنیا لە گوگل کرۆمی ڤێرژنی 11دا سوودی لێوەردەگیرێ. خزمەتگوزارییەکە هەرچەندە ئێستا لە قۆناغی تاقیکارییدایە و بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بە داهاتنی ئەو خزمەتگوزارییە هیوایەکی زۆر بەو کەسانە دەبەخشێت کە ناتوانن بنووسن، یان پەنجەکانیان لەکارکەوتوون، هەروەها دەکرێت بۆ نابیناکانیش زۆر سوودمەند بێت، بەومەرجەی ئەوەی دەیدۆزێتەوە بــە دەنــگ بیخوێنێتەوە. پرۆگرامنووســان هــەوڵ دەدەن ئەو خزمەتگوزارییە هەر لە چوارچێوەی سایتی گوگلدا نەمێنێت و لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشدا پەرەی پێبدەن.

# لاپتۆپە دەبڵ شاشەکان

بەشـێکی سـەرەکی کۆمپیوتـەری جۆری لاپتۆپ کیبۆرد پێکی دێنێ، بە واتایەکی دیکە کۆمپیوتەری لاپتۆپ لە دوو بەشـی سەرەکی پێکهاتووە، بەشـی کیبۆرد و بەشـی شاشە، بەڵام کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر پێدەچێت، ئەو بەشەی کە کیبۆردە گۆڕانکاری تێدا پێك بێنن و بیکەن بە شاشە. کۆمپیوتەری جۆری Lconia کە کۆمپانیای ئایسەر بەرهەمـی هێناوە یەکێکـە لەو جۆرانە. لەو لاپتۆپەدا هەروەك دەیبینن بەشـی کیبۆردەکەی شاشەیەکی سەربەخۆیە کە لە کاتی پێویستدا دەکرێ ببێتەوە کیبۆردێکی لەمسی. پێدەچێ لە چەند ساڵی داهاتوودا لاپتۆپی بە کیبۆرد هەر نەمێنێت!



## ڕێوییە ئاگرینەکە ئاگر دەکاتەوە!

لە نێـو ریزی ئـەو پرۆگرامانەی کـە ئەرکیـان دینەمۆی بەدواداگەڕانی سـایتەکانی ئینتەرنێتـە، فایرفۆکس واتە ڕێوی ئاگرین، کە لە لۆگۆکەشی دیارە وێنەی ڕێویەکە بە دەوری گۆی زەویدا، ناوێکی دیـار و بەرچاوە. فایرفۆکس بەم دواییانە ڤێرژنی 4ی بەرهەمهێنا، کە لەم ڤێرژنەدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو دەبیندرا و خزمەتگوزاری زۆری پێوە زیاد کراوە کە بەشێکیان ئەمانەن:

چوونە سەری خێرایی: لەم ڤێرژنەدا خێرایی کردنەوەی سایتەکان زۆر بەرچاوە، تەنانەت بە دوایین ڤێرژنی گوگل کرۆمیش خێراترە. تەنانەت لە ڤێرژنی پێش خۆیشی 6 جار خێراترە.

ڕێکوپێکردنەوەی تولبار: ڤێرژنی نوێی فایرفۆکس زۆر سادەتر و ڕێکوپێکتر بووە، چەندین ئامرازی نوێی بۆ ڕێکخستن و ئاسانکردنی ئەرکەکان بـۆ داندراوە، بۆ نموونە یەکێك لـە خزمەتگوزارییەکان ڕێکخستنی ”تاب“ەکانە، سڕینەوەی ئەو لاپەڕانەیە کە زۆر دووپات بوونەتەوە. لەنێو فایرفۆکسی نوێدا، شوێنێك بۆ سایتە بەرچاوەکان، وەك جیمێل، فەیسبووك، تویتەر، هەیە، ئەو سایتانە بەردەوام لەبەر دیدەتن و گەر گۆڕانکارییەکیش لەواندا ڕوویدا، دەستبەجێ ئاگادار دەبیەوە.

لە فایرفۆکسـی نوێدا، فیلمەکان بـە کوالیتی HD دەبینی و هەروەها پشـتیوانی لە خزمەتگـوزاری پرۆگرامەکانی ئەدۆب دەکات. خاڵێکـی سـەرنجڕاکێش لـە فایرفۆکسـدا ئەوەیە کە لەگەڵ گشـت سیستەمەکان دەگونجێت، ڤیسـتا بێت، یان XP یان ویـندۆز 7. چەندین خزمەتگوزاری نوێـی تێدایە کە لێرەدا ناکـرێ هەموویان باس بکرێن، بۆیە خوێنەری بەڕێز دەتوانێت ئەو پرۆگرامە لە سـایتەکەی خۆی بە خۆڕایی دابەزێنێت و سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ببینێت.


بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی
Email: it@gulan-media.com
Mobile: 07504514008

# شەحنکەرەوەیەک بۆ گەشت و سەیران



لەم سەردەمەدا زۆربەی ئامێرەکان پێویستیان بە شەحنکردنەوەیە، وەك مۆبایل، کۆمپیوتەر، کامێرا، ئای پۆد...تاد. بۆ شەحنکردنەوەیەش سەرچاوەی سەرەکی وزەی کارەبایە. هەرچەندە هەوڵێکی زۆر دراوە کە لە شوێن وزەی کارەبا وزەی خۆر بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنرێت، هەوڵەکانیش تا رادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوون، یەکێك لەو هەوڵانە بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرە شەحنکەرەویە کە دەکرێ لەگەڵ خۆت بۆ گەشت و سەیران ببیەی. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی 3200 ئامێری دیجیتالی شەحن بکەیەوە.

# گەڕان لە دوورگەی رابینسۆندا




گەڕان لە دورگەی رابینسۆن «Robin's Island adventure» یەکێك لە یارییە سەرنج راکێشەکانە. یارییەکە باس لە چیرۆکی ون بوونی رابینسۆن لە دورگەیەکی دوورەدەست دەکات. پاش ئەوەی کە کەشتی رابینسۆن لە دەریادا تێکدەشکێت، خۆی لە دوورگەیەکدا دەبینێتەوە. یارییەکە لەو کاتەوە دەست پێدەکات. بەکارهێنەر دەبێت لە یارییەکەدا پازڵەکان خڕکاتەوە و شتە نادیارەکان بدۆزێتەوە، وردە وردە یارمەتی رابینسۆن بدات تا کەشتییەکەی چاك بکاتەوە. یارییەکە قۆناغەکانی جۆراوجۆرن، هەندێك جار پێویستە شتە ونبووەکان بدۆزێتەوە. جاراوشە دەبێ رابینسۆن لە مەترسی ئاگادار بکاتەوە. یارییەکە بۆ گشت تەمەنێك دەگونجێت.

# لابردنی نویزو دەنگی زیادی کوالیتی بەخشین بە ئاوازەکان

زۆر جاران ئەوەتان بۆ هاتۆتە پێش کە کە گۆرانییەك یان فایلێکی دەنگیتان لە ئەنتەرنێت یان لەسەر CD یان فلاش میمۆرییەك دابەزاندۆتە سەر کۆمپیوتەر، کەچی دەنگەکە کوالیتی بەرزنەبووە و دەنگی زیادی تێدابووە، بەجۆرێك کە نەتوانیوە سوود لە دەنگە ئەسڵیەکە وەربگریت، پرۆگرامی sound normalize ئەو توانایەی هەیە کە کە کوالیتی دەنگ بباتە سەرێ و هەرچی خشە و دەنگی زیادییە بیسڕێتەوە. جگە لەوەش دەتوانێ فۆرماتە دەنگییان بگۆڕێت. چەند تایبەتمەندییەکی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- سوود وەرگرتن لە چەندین شێوە و تێستی لایەکانی دەنگ بۆ باشترکردنی کوالیتی.
- لابردنی دەنگە زیادییەکان.
- گۆڕینی فۆرماتی فایلەکان بۆ یەکتر.
- شێوازی بەکارهێنانی ئاسان و سادە، گونجان لەگەڵ گشت ویندۆزەکان..تاد.

